# هەڵواسینی بەپەلەی سەدام: ئێراقیزم و ژێرپێخستنی گەلی کورد

**شاخەوان شۆڕش**
9.1.2007

لە ڕۆژی 30 سەپتەمبەری 2006 دا، حکومەتی ئێراق سزای کوشتنی سەدام حوسێنی دیکتاتۆری جێبەجێکرد. سەدام خنکێندرا بەرلەوەی لەسەر تاوانەکانی دیکە دادگایی بکرێت و سزا وەرگرێت. سەدام تەنها لەسەر تاوانی دوجەیل سزادرا. سەدام لە تاوانە گەورەکانی وەکو گەلکوژی، بەعارەبکردن، پاکتاوی ڕەگەزی کە دژی گەلی کورد ئەنجامی دابوو، بەرپرسیار بوو و لەبەردەستی دەسەڵات بوو، بەڵام دادگا و دەسەلات بێ دادگاییکردن لەسەر ئەو تاوانانە، خۆیان لەناویان برد. دیارە دادگا هەموو سکاڵاکان و تۆمەتبارکردنەکانی کە لە دژی سەدام هەبوون، بەتاڵکردەوە. کە سەدام لەسەر تاوانکاریەکانی دژ بە کورد دادگایی نەکرا، بۆ گەلی کورد وەکو ئەوە وایە، سەدام دادگایی نەکرابێت و لەناوبردرابێت.[1]

خەڵک زۆربەی بە کوشتنی سەدام دڵخۆشن، چونکە ئەو تاوانی دژی خەڵک ئەنجام دابوو و لە تاوانکاریەکانیدا ئەوپەڕی دڕندەیی نواندبوو. ئەو کاردانەوەیەی خەڵک کاردانەوەیەکی سروشتی و ئاساییە بەرامبەر هەر دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام.
ئارەزووی زوو لەناوبردنی سەدام لە لایەن خەڵکی ئاسایی، دەکرێ گەلێ هۆی هەبێت، لەوانە تامەزرۆیی لە دیتنی زووی تۆلە؛ هەستکردن بە پێویستی دڵنەوایی خێرا؛ زوو کۆتاییهێنان بە ژیان و سەردەمی دیکتاتۆرێکی کەموێنە؛ بڕوانەبوون بە دادگا و ئەنجامی دادگا؛ بڕوانەبوون بە دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێراق؛ مەترسی لە ڕزگاربوونی سەدام لە دادگادا بەهۆی باری ئاڵۆزی ڕامیاری ئێراق؛ هەژاری و تەسکبینی لە تێگەیشتنی چەمکی داد و بەدەستهێنانی ڕەوایەتی هتد.
هەروەها وەکو دیارکەوت خەڵک بەگشتی و قوربانیان بەتایبەتی، سەبارەت بە سزای ڕەوا بۆ سەدام، زۆربەیان لایەنگری سزای کوشتنن. چونکە ئەو تاوانبارە کەسانی خۆشەویستی ئەوانی لەناوبردووە. یان لەبەرئەوەی ئەو زۆر خەڵکی بەدڕندەترین شێوە کوشتووە، بۆیە لای ئەوان سەدام شایانی کوشتن بوو، ئەوەش لە بیرۆکەی تۆڵە بە تۆلە، یان چاو بە چاو و ڕەگداکوتینی ئەو تێگەیشتنە سەبارەت بە سزادان کە لە کۆنەوە لەناو گەلانی موسوڵمان و نەموسوڵماندا باوبووە، هاتووە.
خەڵک و ئارەزووی زوو کوشتن بۆ تاوانبارێکی وەکو سەدام، دەرهاویشتەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەکی سروشتی سادەیە کە نایەوێ یا توانای نییە بەقووڵی بڕوانێتە دیاردەکە. ئەو جۆرە لیکدانەوەیە لەوە ناپێچێتەوە دوایی چی ڕوودەدات، یان ئەو پەلەپەلییە چەند دەتوانێ برینەکان سارێژ بکات و ببێتەهۆی ئاشتی و ئاسایشی ڕاستەقینە.
سەبارەت بە سزای کوشتنن دەکرێ پرسیار بکرێت: ئایا بەڕاستی سزای کوشتن بۆ کەسێکی وا تاوانبار توندترین سزایە؟ ئایا زیندانیی هەمیشەیی یا کوشتن کامەیان توندترین یا گونجاوترین سزان؟ سزای کوشتن بۆ: ئایا بیر لە داهاتوو و ئاسایشی کۆمەڵگە دەکرێتەوە؟ ئایا بیر لە دووبارە نەبوونەوەی تاوان دەکرێتەوە؟ ئایا ئەو جۆرە سزایە وادەکات کەسانی تر هەمان ڕێچکەی تاوانکاری نەگرنەبەر؟ ئایا مەبەست تەنها تۆڵەیە؟ ئایا ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆ سزای کوشتن نییە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە ئاسان نییە و دەکرێ بەڵگە بۆ هەردوو جۆری سزا بهێندرێتەوە. ناچمەسەر ئەو بابەتە، چونکە گونجاویی *جۆری* سزا مەبەستی ئەو وتارە نییە.

لە هەر کۆمەڵگەیەکی ڕەوا و خاوەن سیستەمی داد و دڵنیایی داد دا، چاوەڕوان دەکرێت، تۆمەتبار لەسەر هەموو ئەو تاوانانەی گومانی قانونی[1] لەسەر هەیە و دەکرێ قانونیانە بدرێتە دادگا، پێویستە دادگایی بکرێت.

---

[1] وشەی "قانون" م لەبری وشەی "یاسا" بەکارهێناوە، لەمەودوا وشەی قانون بەکاردەهێنم. من پێشتر وشەی "یاسا"م بەکاردەهێنا، بەلام دوای ئەوەی باشتر لام روونبۆوە کە وشەی یاسا وشەیەکی تورکیە و وشەی قانون وشەیەکی گریکییە، وشەی قانونەکەم پێ باشترە.

گەلێجار وارێدەکەوێ تۆمەتبار بزرە یا ناسنامەی دیار نییە، بۆیە دادگا بۆ دەستپێکردنی دادگاییەکە پێویستی بە بەشداری ڕاستەوخۆی تۆمەتبار هەیە، تابتوانێ دادگاییەکە بە تەواوی و بێ کەلێن و گومان دەست پێبکات و کۆتایی پێبهێنێت. لە بوونی تاوانی گەورەدا گومان لە بوونی تاوانەکەدا نییە، بەڵام ئاشکراکردنی ناسنامەی تاوانبار، وردەکاریەکان کە پەیوەندیان بە تاوانکەوە هەیە، ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و هۆکاری پشتی تاوانەکە بۆ دادگا، قوربانیان و کۆمەڵگە بەگشتی گرنگن. دیارە لە دادگاییەکی ڕەوادا دەبێ تۆمەتبار هەموو مافێکی قانونی بەرگریکردنی هەبێت، هەروەها مافی ئەوەشی هەبێت ڕەتی تۆمەتەکان بەپێی توانا و بواری ڕەخساوی قانونی بکاتەوە.
سەبارەت بە سەدام و دادگای باڵای ئێراقی، سەدام لەسەر یەکەم تاوان سزا درا و لەنێوبردرا، بەر لەوەی دۆسیەکانی تر تەواوبن یا هەر بێنە دادگاوە. دادگای ئێراقی تاوانباری لەبەردەست بوو، کەچی خۆی لەناوی برد بەر لە تەواوبوونی دۆسیەی ئەنفال یا هاتنی دۆسیەکانی تر، کە سەدام لە ئەنجامدانیاندا تاوانباری سەرەکی بووە. ئەگەر سەدام لە شوێنێک خۆی پەنا دابووایە و لە لایەن گروپێکی قوربانی تۆڵەی لێکرابایەوە، لەو بارەدا دادگا گوناهێکی قانونی نەدەبوو و گلەیی لێنەدەکرا. دەگوترا خەڵکێکی تینووی تۆڵە دۆزیانەوە و کوشتیان. بەڵام کە دادگا و حکومەت خۆیان کارێکی لەو شێوەیە دەکەن، ئەوە بنکۆری ڕەوایەتی دادگا و قانونی دادگاکە دەکات. ئەوە ئاماژە بە دادگایەکی پشووتەنگی لار دەکات، هەروەها ئاماژە بە بوونی مەبەستێکی بەئاگای ڕامیاریانە لەپشتی بوونی دادگاکە و پرۆسەی دادگاییەکە دەکات، ئاماژە بە دادگایەکی ناسەربەخۆ و لایەنگیر دەکات.
قانونی دادگاکە کە ڕێگای زوو کوشتن دەدات، بە مەبەستێکی تایبەتی ڕامیاری ئەوها داندراوە، قانونی دادگاکە دەرهاویشتەی بەرنامەیەکی ڕامیاریی تایبەتە (بەپێی ئەو ئارگومێنت و ڕوونکردنەوانەی هەن). سەختە ئەو قانونە لە لایەن هیچ دادگایەکی ڕەوا پەسند بکرێت، بۆیە جگە لە دادگاکەی ئێراق، بە پێی هیچ قانونی دادگایەکی گونجاو و سەربەخۆی دی، سەختە ئەو دیاردەیە بە ڕەوا بزاندرێت.
ئەو دادگایە وەکو گوترا بێتوانایە، ناسەربەخۆیە، پشووتەنگە و دەرهاویشتەی پرۆسەیەکی ڕامیارییە، لە لایەن نەتەوەی باڵادەستی عارەبی دوێنێ گەلکوژەوە بەڕێوە دەبردرێت، بە قانونی پێشووی ئێراقی کە ستاتێکی داگیرکەری بەشێکی کوردستان بووە، بەڕێوە دەچێت. بوونی ئەو فاکتەرانە هەمووی بۆ گەلی قوربانی کورد زیانن و دژی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ئەون. بوونی چەند دادوەرێکی کورد لە دادگادا، کە دەرهاویشتەی ڕێکەوتنی نێوان سەرانی ئێراقچی کورد لەگەڵ عارەبەکانی ئێراقە، ئەو نارەوایەتیانەی ئاماژەیان بۆ کرا، دەشارێتەوە. دیارە لەناوبردنی سەدام بەر لەدادگاییکردنی لەسەر تاوانەکانی بەرامبەر بە کورد، زیان بوو بۆ گەلی کورد، بۆیە دۆڕاوی گەورە گەلی کوردە لێرەدا لە ڕوانگەیەکی قانونیانە و ڕامیاریەوە. ئەو ئەنجامە دەرهاویشتەیەکی نەرێنی دیکەی پێش هەر شتێ ڕەوتی ئۆتۆنۆمیخوازانەی سەرانی پارتی و یەکێتی پاشان پرۆسەی سەپیندراو و ناگونجاوی دروستکردنەوەی ئێراقە، کە ئاماژە بە دواڕۆژێکی باش ناکات.

جێگای سەرنجە بەرپرسانی سەر بە دەسەڵاتی باشوری کوردستان، قانونناسان و مافناسانی سەر بە دەسەڵاتی کوردی، زۆریان هەوڵی پاکانەکردن بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی سزاکە دەدەن و پشتگیری خۆیان بۆ قانونی دادگاکە پیشان دەدەن. بۆنمونە زۆریان دەڵێن، "سزاکە و جێبەجێکردنەکەی سزاکە، قانونییە و تەواوە." بەو پێیە ئەوان دێن و سەیری قانونەکە دەکەن، ئەوجا سەیری سزاکە و جێبەجێکردنەکە دەکەن، ئەگەر تەبایی هەبوو، ئەوە قانونییە، ئەگەر تەبایی نەبوو، ئەوە قانونی نییە. بەو تێگەیشتنە کوشتاری کوردان لە لایەن ڕژێمی ئێراقی سەدامەوە، یا لە لایەن ڕژێمی تورکیا، ئێران و سوریاوە لە گەلێ باردا قانونی بووە و تەواو بووە، چونکە بەپێی قانونە ئێراقیەکە، تورکیاییەکە یان سوریاییەکە ئەو خەڵکە لەسەر کردارێک کوشتنیان قانونیانە ڕەواکراوە. ئەو جۆرە سەیرکردنە، سەیرکردنێکە خۆی لە چەمکی ڕەوایەتی لە ڕوانگەیەکی مۆرالانە و مرۆڤانەوە نادات. واتە بیر لە ڕەوایی و نارەوایی قانونەکە ناکاتەوە. ئەو قانونناسانە تێگەیشتن و لێکدانەوەکانی دەرەوەی قانونە ئێراقیەکە سەیرناکەن و گرنگی پێنادەن. دەکرێ ئەو سەیرکردنە پەیوەندی بە ئاستی توانا و شارەزاییەوە هەبێت، یان لەبەرئەوەیە سەیری ڕەخنەگرانە لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە هتد.

سەدام حوسێن وەکو تاوانباری سەرەکی، دوای نەمانی ئیتر ناتواندرێ بدرێتە دادگا و بە هیچ تاوانێک تۆمەتبار بکرێت. واتە ئەو قانونیانە ناتواندرێ لەسەر تاوانی گەلکوژی ئەنفال و کیمیاباران و تاوانکاریەکانی تر تاوانبار بکرێت. ئیتر ناتواندرێ تاوانباریی ئەو وەکو کەسی سەرەکی لە تاوانکاریەکان، قانونیانە بەدەکومینێنت بکرێت. هەروەکو دادگای باڵای ئێراقی لە 8ی ژانیوەری 2007 دا، هەموو سکاڵاو و ڕێسا قانونیەکانی کە دژی سەدام هەبوون ڕاگرت. ئەو دادگا

عارەبییە ئێراقیە هەر ئەو ڕۆژە لە چەند کاسێتەکی تۆمارکراوی 1987–1988دا دەنگی سەدامی دیکتاتۆری چەندینجار لێدا، کە تیایدا سەدام ڕاستەوخۆ فەرمانی کیمیابارانی کورد دەدات، فەرمانی کارەگەلکوژانەکانی دیکە دەدات.
بەمجۆرە سەبارەت بە کورد، تاوانباریەکەی سەدام لەدەرەوەی چوارچێوەی دادگادا دەمێنێتەوە، واتە ئەو بەپێی بەڵگەنامەکان، دیتەران و ڕووداوەکان لە ڕوانگەیەکی ڕامیاری و مۆڕالانەوە بە تاوانبار دەناسرێت. ئەو لەو ڕوانگەیەوە لە لایەن شارەزایان، مێژووناسان، نوسەران و مرۆڤپەروەران وەکو تاوانبار دەناسرێت. ئەو ڕاستییە پێشی دادگاش هەبوو، بوونی دادگاکە هیچی لەو فاکتەرە نەگۆڕی. لە ئەگەری بوونی دادگایەکی گونجاودا، چاوەڕوان دەکرا دادگا ئەو تاوانبارییەی سەدام بخاتە چوارچێوەیەکی قانونی و سزای قانونی بەسەر سەدامدا بسەپێنێت، هەروەها ڕاستییە شاراوەکان لەو ڕێگایەوە ئاشکرا بکرێن، بەڵام ئەو دادگا ئێراقییە خۆی نەدایە ئەو کارە و خۆی لێ دەرباز کرد، لەگەڵ ئەوەی سەدام تاوانباری سەرەکی بوو و هەروەها دادگا هەموو کەرستە پێویستەکانی لەبەردەستدا بوو.
کوشتنی سەدام بێ دادگایی لەسەر گەلکوژی، دەکرێ وەکو هەوڵێکی تر بۆ بچوکردنەوەی ئاستی گەورەیی تاوانی گەلکوژی ئەنفال سەیری بکرێت، هەروەها وەکو هەوڵێک بۆ بەهێزکردنی ناوخۆبوونی کۆمەڵکوژی کوردان سەیر بکرێت. ئەگەر سەرۆک قانونیانە بەتاوانی گەلکوژی سزابدرێت، ئەو وەکو سەرۆک سیمبۆل و سەرگەورەی ستاتە تاوانبارەکەیە، ئەوە پرسیار دەخاتە سەر ناوخۆییبوونی گەلکوژییەکە و مافی خەڵکە گەلکوژکراوەکە، لە بانگاشەی جودایی نەتەوایەتیان و ژێردەستەییان وەکو نەتەوەیەکی خاک داگیرکراوی ژێردەستی کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی، دەسەلمێنێت. بەڵام کە تاوانباریەکە قانونیانە دەخرێتەسەر چەند بەرپرسێکی ئاستنزمتری پلەداری ڕژێمی گەلکوژکار، دەکرێ ئەوە وەکو لابردنی تاوانبارییەکە لەسەر سەرۆکی وڵاتەکە، بەهەمان شێوە لەسەر ستاتەکە وەکو ستاتێکی داگیرکەر و کۆلۆنیالیست سەیربکرێت. بەواتایەکی تر هەوڵدراوە ئێراق وەکو ستات تاوانبار نەکرێت و هیچ سیمبۆلێک کە پەیوەندی بە سەروەری ستاتەوە هەیە یا دەتوانێ ئاوێنەی ستات بێ، نەخزێندرێتە ناو تاوانبارییەکە. پرسیاری ئێراق و کورد، پرسێکە وەکو کێشەی ڕژێم لەگەل خەڵکەکەی سەیری دەکرێت. هەروەکو دادگاکە واداندراوە کە سەیری کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی دەکات و سەیری تاوانباران وەکو کەسانێکی پلەبەرزی سەربە ڕژێمی بەعس نەک ستاتی ئێراق دەکات.
دیارە ستاتی ئێراق و تاوانباریی لە گەلکوژی ئەنفالدا، لەسەر بنچینەی جودایی نەتەوایەتی و بوونی خاکەکی داگیرکراودا، دەتواندرێ مۆڕاڵانە و ڕامیاریانە بسەلمێندرێت و بەڵگەی بۆ بهێندرێتەوە. بەڵام وەکو دیارە نە ئەوەیان و نە ئەویتریان لەبەرژەوەندی هەوادارانی پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراقی یەکگرتوودا نین.

پرۆسەی هەڵواسینەکەی سەدامی دیکتاتۆر و گەلکوژ، سکەندالێکی کەموێنەبوو لە مێژووی ئیراقی سەپێندراودا تۆمارکرا. جێبەجێکردنی سزاکە بە هیچ جۆرێک لە کاری دەسەلاتێکی ئۆرگانیزەکراوی ستاتێک نەدەچوو، بەڵکو کردارەکە لە کاری باندێکی توندڕەو دەچوو.
جێبەجێکردنەکە گەلێ پرسیاری دروستکرد و پەردەی لەڕووی ئێراقی پارچەبوو و بێسەروبەر هەڵدایەوە. واپێدەچی نوری مالیکی و شیعەکان بەگشتی لە نێوان خۆیاندا ڕێکەوتنێکیان کردووە و کاری هەلواسینەکەشیان بە گروپی توندڕەوی سەدر سپاردووە. گومانی بەهێز هەیە کەوا، یەکێک لەوانەی لە هەڵواسینەکەدا بەشدار بوون موقتەدا سەدر بووە. تەواوی جێبەجێکردنەکە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا، جێبەجێکردنی خنکاندنەکە تۆڵەیەکی سیکتاری سەدلەسەدی نێوان شیعە و سوننە بوو.
دیارە نێوانی شیعە و سوننە زۆر بە خراپی تێکچووە، ئەو تۆڵەیەی شیعەش دەرزی نێوان شیعە و سوننە دەکرێ گەورەتر بکات، بەمجۆرە ناکۆکی و کوشتارەکەی نێوانیان قوڵتر بکاتەوە.

بەردەوامی ناکۆکی نێوانی عارەبە شیعە و سوننەکان، دەکرێ وابکات کە عارەبەکان نەتوانن وەکو پێویست دژی کوردەکان و داخوازیەکانیان بوەستن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕاستیدا نەتەوەی باڵادەستی عارەب لە ئێراقدا لەم لایەنەوە درێغی نەکردووە و لەزۆر بواری گرنگدا توانیویانە کۆسپ بخەنە بەردەم هەر هەنگاوێک کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کوردستانەوە هەیە، جگەلەوەی توانیواینە بەرژەوەندی خۆیان بەسەر سەرکردە کوردە ئێراقچیەکاندا بسەپێنن. بۆیە ناکۆکی زیاتری نێوان شیعە و سوننە تا ئێستا نەبۆتەهۆی ئەوەی کوردە ئێراقچیەکان بتوانن بە مەبەستەکانی خۆیان بگەن یا بتوانن داخوازیەکانیان (کە گوایە ڕێکەوتنی دەستوریی لەسەر کراوە) بگەیەننە ئاستی جێبەجێکردن.

ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە عارەبەکان، بێگومان بۆ پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق و هەوڵی هێشتنەوەی ئێراق بە یەکگرتووی خراپە و زیانی کوشندە بەو پرۆسەیە دەگەیەنێت. زیاتر قووڵبوونەوەی تەنگژەی نێوان شیعە و سوننە کۆڵەگەی بیرۆکەی ئێراقێکی یەکگرتوو دەلەرزێنێ و هەرەشەی دارمانی یەکجاری لێدەکات، بەمجۆرە هەڕەشەی دارمانی بیرۆکەی دروستکردنەوەی ئێراق ڕکشاوانە دەکات.
لای گەلێک لە دۆستانی گەلی کورد چاوەڕوان دەکرا، کورد ببێتە فاکتەری سەرەکی پارچەبوونی ئێراق، بەڵام بەپێچەوانەوە سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی کە نوێنەرایەتی کوردیان ئەمڕۆ بەدەستە، ئاراستەکەیان وەکو هەمیشە بۆ ئێراقێکی یەکگرتوو و دیموکراسی بوو، بۆیە شێلگیرانە کار بۆ دروستکردنەوەی ئێراق دەکەن و ناوبژی لەنێوان عارەبەکان دەکەن. لەو ڕوانگەیەوە و لە پێناوی ئێراقێکی یەکگرتوودا، لەڕاستیدا شیعە و سوننە عارەبەکان کارێکی خراپ لەگەڵ سەرکردە کوردە ئێراقچییەکان دەکەن. بۆیە قوڵبوونەوەی ناکۆکی و کوشتاری نێوان شیعە و سوننە وادەکات بارزانی و تاڵەبانی بە ئامانجی ئێراقچیانەی خۆیان هەروا زوو نەگەن یا لە پرۆژەی دروستکردنەوەی ئێراقدا سەرکەوتوو نەبن. بەکورتی شیعە و سوننە عارەبەکان بە کوشتاری ناوخۆییان ئەمڕۆ هەڕەشە لە یەکێتی خاکی ئێراق و بوونی ئێراق وەکو ستات دەکەن.
ئەگەر جەنگی ناوخۆی نێوان شیعە و سوننە وابکات دەست لە یەکگرتوویی ئێراق هەڵبگیرێت و ڕێگای دابەشکردن بگردرێتەبەر، بێگومان لەبەرئەوە نییە کە دەسەڵاتدارانی کورد هەوڵی جیابوونەوەیان داوە، بۆیە ئەوە هیچ هەوڵێکی دەسەلاتی کوردی لەو ڕوانگەیەوە تێدا نییە. ئەگەر ئەوە ڕووبدات، کە بێگومان بەدیهێنانی خەونی دێرینەی گەلی کوردە، ئەوەش لە ئەنجامی گەمژەیی و کرداری ناڕاشیونالانەی دوژمنانی کوردە، نەک لەبەر هەوڵوکۆششی کێخواکانی ئەمڕۆی کورد لە باشور.
گەلی کورد بێگومان دەیتوانی سوود لە جەنگی ناوخۆی نێوان عارەبە شیعە و سوننەکان وەربگرێت، ئەگەر ئامانجی دەسەڵاتدارانی کورد سەربەخۆیی و جیابوونەوە بایە. لەو ڕوانگەیەوە، گریمان گەلی کورد داوای سەربەخۆیی کردووە بەڵام ناچار کراوە بچێتەوە ناو ئێراق، ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ناو ئێراق و پارچەیی ئێراق، وەکو گوترا کۆڵەگەی بیرۆکەی ئێراقێکی یەکگرتووی تەواو لەرزاندووە، لەم بارەدا کوردەکان بەڵگە و بیانووی بەهێزیان بۆ جیابوونەوە پێ دەبوو و کۆمەڵگەی جیهانیش تێگەیشتنی گونجاوی بۆ کورد دەبوو.

بێینەوە سەر کوشتنەکەی سەدام؛ بەپێی هەندێ سەرچاوە سەرکردە کوردەکان ئاگاداری کاتی هەڵواسینەکە نەبوون، پێشتریش دژی بڕیاری کوشتنی زووی سەدام نەوەستان. ئەوان بەناڕوونی تەنها هیوایان خواست سزاکە دوابخرێت، وەکو بڵێی ئەوان لە بێدەسەڵاتی خۆیان دڵنیا بوون، بۆیە تەنها هیوایان خواست. ئەوە ئەگەر بڵێین سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی دژی زوو لەناوبردنی سەدام بوون. ئەوان زیاتر لە بینەر دەچوون نەک وەکو خەڵکێکی بەشدار لە پرۆسەیەکدا. دەکرێ ئەو کاردانەوەی ئەوان بەو شێوەیە هۆی ئەوەبێت؛ ئەوان وەکو زۆر لەوانەی پەیوەندیان لەگەڵ سەدامدا هەبووە و ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئەودا هەبووە، لەبەرژەوەندیاندا بووە سەدام زوو لەناو بچێت؛ ڕێکەوتنیان لەسەر پرۆسەی دادگاییەکە بەر لەدەستپێکردنی لەگەڵ لایەنەکانی تر بەوشێوەیە کردووە، هەروەکو قانونی دادگاکە سزای مردن زوو جێبەجێ دەکات؛ ڕێکەوتنیان لەگەڵ شیعەکان بەو شێوەیە کردووە؛ یان هیچ دەسەلاتیان لە پرۆسەی بوونی دادگاکە و دادگاییەکەدا نەبووە؛ لەبەر ناتەبایی و نایەکگرتوویی نێوان خۆیان (یەکێتی و پارتی) هێندە ئاگاداری دادگا و کەسێکی وەکو سەدام نەبووین؛ دادگا و تاوانباران گرنگیەکی ئەوتۆی لای ئەوان نییە، ئەوەی ئەوان گەرەکیانە وەکو دەستکەوتی کەسی دەستیان کەوتووە وە هەروەها.
سەیر لەوەدایە پاش ئەوەی سەدام لەنێوبردرا، ئەوجا هەندێ لە بەرپرسانی کورد دەرک بەو بێئاگاییەی خۆیان دەکەن و دەڵێن، "دەبوایە  دوای تەواوبوونی هەموو دۆسیەکان ئەوجا سزاکەی سەدام جێبەجێ کرابایە." شایانی گوتنە خودی قانونی دادگاکە کە لە 2004 دا داڕشتراوە ئاماژە بەوە دەکات. جگەلەوەی ساڵی پار و بە تایبەتی چەندین مانگ بەر لە ئێستا ڕۆشنبیران و ڕێکخراوی چاک بەتایبەتی ئەو مەترسییەیان وروژاند، بەڵام هیچ نەکرا. ئەوەی ئەو بەرپرسە کوردانە دەیڵێن، لە گوتنی هاولاتیەکی بێدەسەڵاتی کوردستان زیاتر نییە.

پرۆسەی جێبەجێکردنی کوشتنەکەی سەدام، ئاستی پشووتەنگی عارەبە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر بە کەسێکی عارەبی نەیاریان پێشان دەدات، کە دورە لە بێلایەنی و سەربەخۆیی داد. ئەگەر ئەوان لەگەڵ عارەبێکی سەر بە نەتەوەکەی خۆیان هێندە پشووتەنگ و لایەنگیر بن، دەبێ ئەو دادگا و حکومەتە چەندە بەرامبەر بە نەتەوەیەک بێلایەن و پشوودرێژ بن، کە ئەوان زۆربەیان ئەو نەتەوەیە بە ئیسرایلی دووەم و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم تێدەگەن. ئەو

پشووتەنگییە و کوشتنی سەدام بێ دادگایی لەسەر تاوانکارییەکانی بەرامبەر کورد، ئەو نارەوایەتییە کەموێنەیە دەسەلمێنێت کە بەرامبەر بە گەلی ژینۆسایدکراوی کورد کراوە. دۆسیەی گەلی گەلکوژکراوی کورد دراوەتە نەتەوەی ئەنجامدەری گەلکوژییەکە. ئەوە نارەوایەتیەیەکە هەر گەلێکی گەلکوژکراوی خاوەن کەسایەتی دژی دەوەستێت. دیارە لەمبارەیەوە سەرکردە ئێراقچیەکانی یەکێتی و پارتی مێش مێوانیان نییە، بەلام بە بڕوای زۆر ئەگەر نەکرابانە سەرۆک، ئامادەبوون بچنەوە شاخ.

لەکۆتاییدا، کاردانەوەی نەتەوەی عارەب و گەلی لە گەلانی موسوڵمان بەرامبەر بە هەڵواسینی سەدام و پشتگیریان لە سەدام جێگای سەرنجی زۆرە. موعەمەر قەزافی کە زۆر کەس بە دۆستی کوردیان دادەنا، ئەویش چوار ڕۆژی وەکو پرسە بۆ مردنی سەدام تەرخان کرد. ئەوە ئاماژە بەوە دەکات، ئەوانە نایانەوێ بۆنمونە گەلکوژی ئەنفال و کیمیابارانی گەلی کورد ببینن یا دانی پێدابنێن، هەروەکو گەلێکیان نکۆڵی لە بوونی ئەو تاوانانە دەکەن.
سەدامی دیکتاتۆر یەکێکە لە نمونەی هیتلەر، ستالین، پۆلپۆت، ئەتاتورک، ئەنوەر-جەمال-تەلعەت، کەچی لای زۆرینەی نەتەوەی عارەب و زۆر لە موسوڵمانان وەکو پاڵەوان سەیری کرا و سەیری دەکرێت.

---

[1] پێش خنکاندنی سەدام وتارێکم نوسی دەتوانی لێرەدا سەیری بکەیت:
http://www.kadirshorsh.com/Dadga..Zu%20kushtni%20Sedam.pdf

بۆ سەیرکردنی بابەتی زیاتر لەسەر دادگا کلیکی سەر ئەو لینکە بکە:
http://www.kadirshorsh.com/Shaxewan.htm